# سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پەروەردە و فێرکردن ICET 2023:

### 17-18ی ئایار

کۆنفرانسی ICET 2023 چالاکییەکی ڕاستەقینەیە کە وتاربێژان و گوێگران لە شوێنە جیاوازەکانەوە کۆدەکاتەوە. سیمینار و پێشکەشکردنەکان لەڕێگەی ڤیدیۆی پلاتفۆرمی کۆنفرانسەکەوە پێشکەشدەکرێن.

### ناونیشانی سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پەروەردە و فێرکردن ICET 2023:

**"فەراهەمکردنی پەروەردەیەکی پێگەیەنەر و سەرنجڕاکێش بۆ نەوەی Z و ئەلفا".**

لە جیهانی ئەمڕۆدا سیستەمی قوتابخانە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە هەتا ئامادەیی، دوو نەوەی تەواو نوێ پەروەردە دەکات کە لە دونیایەکی تەواو نوێ و جیهانگیر و دیجیتاڵکراودا گەورەدەبن. ئەوانیش نەوەی Z و نەوەی ئەلفان.

قوتابخانەکان لە ئێستادا شوێنێکن کە نەوەیەکی دیجیتاڵی هەموو ڕۆژێک تێیدا دەخوێنن و کات بەسەردەبەن. بە "نەوەی دیجیتاڵی" مەبەستمان ئەوەیە کە دەتوانن بە شێوەی دیجیتاڵی گەشت بۆ هەموو شوێنێکی جیهان بکەن و بە ئاسانی دەستیان دەگات بە بڕێکی گەورەی زانیاری. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە "ئایا قوتابخانەکان ئامادەن لەگەڵ ئەم نەوە نوێیەدا بگونجێن؟"

**نەوەی Z:** بەو نەوەیە دەوترێت کە لە نێوان ساڵانی 1997 بۆ 2012 دا لەدایک بوون و بە شێوەیەکی سروشتی ئینتەرنێت و تابلێت و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێک بوون لە ژیانیان.
**نەوەی ئەلفا:** لەنێوان ساڵانی 2010 بۆ 2025 لەدایک بوون و دەبن. ئەو نەوەیە دەبن کە لەگەڵ لەدایکبوونیاندا چاخێکی نوێی دیجیتاڵی دەبینن. بەو پێیەی تەکنەلۆژیا لە ئێستادا بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەرەوپێش دەچێت.

لە ئێستادا ئەرکی قوتابخانەکان بریتییە لە فەراهەمکردن و تێرکردنی پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی نەوەیەک کە لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە لێهاتوون و خاوەنکاری پراگماتیکین و بە ئاسانی تەرکیز لەدەستدەدەن و فێرخوازی سەربەخۆن کە حەز دەکەن کارەکان بە شێوەیەکی ناتەقلیدی ئەنجام بدەن. شتێکی حەتمی و ڕوونە کە شێوازی پەروەردەی کۆن لە قوتابخانەکاندا کە تێیدا مامۆستا لە قوتابی چالاکترە و تەنها سەرچاوەی زانیارییەکانە، بەسەرچووە و لەگەڵ جیهانی نوێی پەروەردەدا ناگونجێت.

ئەم نەوانە بە ئاسانی و بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستیان دەگات بە هەموو شێوە زانیارییەک. هەر بۆیە تەنها ئامادەبوون لە پۆل و دانیشتن لە وانە و نووسینەوە و پاشان لەبەرکردنیان بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە تیایاندا سەرنجیان ڕاناکێشێت. لە جێی ئەوە ئەوان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە بە تەواوەتی بەشداربن و خۆیان بەشێک بن لە کایەکانی پرۆسەی فێربوون. ئێستا کاتی ئەوەی هاتووە کە مامۆستایان پەرەبسەنن لە کارەکەیاندا و لە وانەبێژێکی تەقلیدییەوە ببن بەهۆکاری ئاسانکردنی فێرکردن لە ژینگەی پۆلێکدا کە بۆ فێربوونی تایبەت و کەسیی دیزاین کراوە.

کۆنفرانسی (ICET 2023) بانگهێشتی پسۆڕانی پەروەردەیی و پەروەردەکاران و، ڕاهێنەران و داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردەو، سەرکردەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەکات بۆ ئەوەی پێکەوە تاووتوێی ڕێگا نوێیەکانی فێرکردن و، پەرەپێدانی مەنهەج و، پەرەپێدانی پیشەی پەروەردەکردن بکەن کە گونجاوبێت و سەرنجی نەوەی Z و ئەلفا ڕابکێشێت.

کۆنفرانسی (ICET 2023) دەگەڕێت بە دوای دەرفەت و دیدگای نوێ بۆ پەرەپێدانی پیشەییانەی مامۆستایان و سەرکردایەتی پەروەردەیی کە بە هۆیەوە ئاسۆی نوێ دەکرێتەوە و یارمەتی پەروەردەکاران و قوتابخانەکان دەدات کە لە ئامادەباشیدابن بۆ ئەو ئاڵنگارییانەی کە بەهۆی ئەم پەرەسەندنەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

## تیشک:

پێویستە لە بابەت و پێشکەشکردنەکانی "ICET 2023"دا تیشک بخرێتە سەر پەروەردە و فێرکردن لە قۆناغی خوێندنی باخچەی منداڵانەوە هەتا ئامادەیی.

**پێویستە بابەتەکان جەخت لەسەر سێ ئامانجی سەرەکی بکەنەوە:**

- پەرەپێدانی ئەزموونی فێربوون لە ناو پۆلدا
- یارمەتیدانی مامۆستایان و ڕابەرایەتی قوتابخانە بۆ فراوانکردنی ئەزموونەکانیان.
- هاندانی گەشەپێدەرانی پەیڕەو و پۆگرامەکانی خوێندن بۆ ئەوەی لێهاتووییەکانی ژیانی ڕاستەقینە لە پڕۆسەی فێرکردن و فێربووندا جێگیر بکەن.

## پۆلێنەکان:

**پێویستە سیمینارو پێشکەشکردنی بابەتەکان لە کۆنفرانسی ICET 2023 بەپێی ئەم پۆلێنانەی خوارەوەبن:**

- خوێندەواری دیجیتاڵی و پەروەردەی تەکنەلۆژیی
- توانای خۆدامەزراندن و لێهاتووییەکانی سەدەی 21
- داهێنەریی لە قوتابخانەدا
- خۆبەڕێوەبەریی فێرخواز و فێربوونی خودئاڕاستەکراو
- مامۆستا وەک ڕاهێنەر (ڕێبەر)ی فێربوون
- پۆلی چالاک
- فێربوونی کرداری
- فێربوون بە پڕۆژە
- بەشدارپێکردنی خوێندکاران
- گشتگیری لە وانەوتنەوە و پەروەردەدا
- هۆشیاری کەشوهەوا و ژینگەیی
- فێربوونی تایبەتمەند و کەسیی
- ڕابەرایەتی قوتابخانە
- گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستا
- پەروەردەی کەسایەتی
- تەندروستی دەروونی و سۆزداری

## زمانەکان:

**لە کۆنفرانسی (ICET)دا سیمینارەکان بە 3 زمان پێشکەشدەکرێن:**

- ئینگلیزی
- عەرەبی
- کوردی

